KCCRC

Islamic Studies

# لق و پۆپە کوشندەکانی ئەلقاعیدە لە عێراق



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٦٨

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Islamic Studies

# لق و پۆپە کوشندەکانی ئەلقاعیدە لە عێراق

جۆست هیلتەرمان
وەرگێڕانی: فەرهاد حەسەن

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان
١٦٨

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

٢٠٢١

# لق و پۆپە کوشندەکانی ئەلقاعیدە لە عێراق


جۆست هیلتەرمان

**بەڕێوەبەری پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا لە گرووپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان**


بەیانییەکی هاوینی ساڵی ٢٠٠٣ بوو تازە لە عێراق گەڕابوومەوە، کە لە مانگی نیسانەوە لە ژێر دەستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بوو. ئارسەری هاوڕێم تەلەفۆنی بۆ کردم کە نزیکەی دە ساڵ پێش من ئەو سەرۆکی بەرنامەی پەنابەران بوو لە لیژنەی پارێزەران بۆ مافەکانی مرۆڤ، من و ئەو پێکەوە گەشتمان کردبوو بۆ عێراق و ئێران و تورکیا بۆ لێکۆڵینەوە لە قەیرانی پەنابەران لە دوای جەنگی کەنداوی ١٩٩٠-١٩٩١. پێی وتم دەیەوێت جارێکی تر بچێتەوە بەغدا بۆ کۆبوونەوە سەبارەت بە چارەسەرکردن و خستنەڕووی ئێچوو و قوربانییە مرۆییەکان جەنگە نوێیەکان. هەروەها پرسیاری لێکردم کە ئایا پێویستە جلێکی گوللە نەبڕ لەگەڵ خۆی بهێنێت؟ ئێمە لە گرووپی قەیران بە پشت بەستن بە بەدواداچوونەکانم لە ماوەی دوو سەفەرم بۆ ئەو وڵاتە لە دوای داگیرکردنی ئەمەریکاوە ئاگادارمان کردەوە دەربارەی یاخیبوونی چەکداری و ناجێگیر لە عێراق. بەڵام بارودۆخی بەغداش ئەگەر شپرزە بێت هێشتا ئارام بوو بەراورد بەو شتەی کە ئێمە نەمانزانی بەمزوانە ڕوودەدەن، بۆیە پێم وت کە جلی گوللەنەبڕی پێویست نابێت.

مانگێک دواتر ئارسەر لە نووسینگەی سێرجیۆ ڤییرا دی میللۆ نوێنەری تایبەتی  نەتەوە یەکگرتووەکان دانیشتبوو کاتێک بارهەڵگرێکی بۆمب ڕێژکراو خۆی کرد بە ناو بارەگای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە هۆتێل قەنات و تەقینەوەیەکی گەورە دروستکرد کە هەردوو پیاوەکەی و بیست کەسی دیکەی کوشت. من هەوڵدەدەم ویژدانم بە بیرکردنەوە لە جلی گوللە نەبڕ ڕزگاربکەم کە هاوڕێکەمی نەپاراست، بەڵام هەرگیز دڵنیانیم کە ئاخۆ دەیپاراست، یان نا.

تەقینەوەی خۆکوژی هۆتێلی قەنات یەکەم هێرشی لەو جۆرە بوو لە عێراق دوای ڕووخانی سەدام حسێن ڕوویدات، کە بەرپرسیارێتی ئەنجامدانی لەلایەن گەورە تیرۆریست ئەبو موسعەبی زەرقاوی هەڵگیرا، کە تاوانبارێکی بچووکی ئوردنی بوو لە زیندان پەیوەندی بە گرووپی تیرۆریستی ئەلقاعیدەوە کردبوو و دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکاوە هاتە عێراق، ئەمیش هاوشێوەی ئەو چەکدارە ئیسلامیانەی کە لە جیهانی ئیسلامییەوە ڕوویانکردە ئەفغانستان لەکاتی داگیرکردنی ئەو وڵاتە لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە. ئەمە لەکاتێکدا دوو ساڵ لەوەوپێش ڕێکخراوی قاعیدە خۆی وەک براندێکی تیرۆریستی جیهانی ناساند بە ئەنجامدانی هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر لە ئەمەریکا و بە ئامانج گرتنی دوژمنە دوورەکەی خۆی - وڵاتە ڕۆژئاواییەکان - بە شێوازێکی تایبەت.

یەکەمجار ئەمەریکا بە داگیرکردنی ئەفغانستان وەڵامی هێرشە تیرۆریستییەکانی ئەلقاعیدەی لە نیویۆرک و واشنتن دایەوە، چونکە لەو وڵاتەدا کە تاڵیبان تیایدا دەسەڵاتداربوو داڵدەی ئوسامە بن لادن و ڕێکخراوەکەیان دابوو، دواتریش ئەمەریکا عێراقی ڕووخاند. هەرچەندە پەیوەندی نێوان قاعیدە و عێراق زۆر ڕوون نەبوو، هەروەک دواتر ئاشکرابوو کە پەیوەندییەکی لەوجۆرە هەربوونی نەبووە،

بەلایەنی کەمەوە تا ئەمەریکا وڵاتەکەی داگیرکرد و بووەهۆی هاتنی چەکدارە جیهادییەکان بۆ عێراق. بۆیە ئەو بارودۆخە دیاریکراوەی کە باڵی بەسەرعێراقدا کێشا بەهۆی داگیرکارییەکانی ئەمەریکا و ململانێ تائیفییە دووردرێژەکانی نێوان گرووپ و مەزهەبە ئایینییەکانی عێراقەوە، ڕێگەی بە زەرقاوی دا کە پێگەیەکی بەهێز بۆ ڕێکخراوی ئەلقاعیدە دروستبکات، کە لقێکی ئەو ڕێکخراوە بوو زیاتر تێوەگلا لە ململانێ تائیفییەکان کە جیاوازتر بوو لە ئەلقاعیدەی ئوسامە بن لادن، کە زیاتر ئامانج لێی کوشتنی شیعەکان بوو.

زەرقاوی پێیوابوو کە شیعەکان گرووپێکی هەڵگەڕاوە و یاخیبوون لە ئایین، کە بیرۆکەیەکی ڕادیکاڵی بوو تا ئەو کاتە لەلایەن سوننەکانی عێراقەوە بەگشتی قبوڵ نەکرابوو. بەڵام زەرقاوی توانی پشتگیری سوننەکان کۆبکاتەوە بەهۆی بەهێزی مەیلی دژایەتی سوننە بۆ ئێران و ئەو بیروباوەڕەی کە شیعەکان لە شەڕی هەشت ساڵەی نێوان هەردوو وڵات لە ساڵانی ١٩٨٠دا وەک دۆزی هاوبەشیان دژی عێراق دروستیان کرد.

لە ماوەی ساڵێکدا ئەو یاخیبوونە چەکداریانەی کە گرووپی قەیرانەکان بینیان گەیشتە بەرزترین ئاست، کە ئامانجی سەرەکی لێی لێدان بوو لە سەربازانی ئەمەریکا و هێزە ئەمنییەکانی عێراق. بەڵام گرووپەکەی زەرقاوی کە جەوهەری ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بوو بەهۆی تێڕوانیان لە دژایەتیکردنی ئازاد و بەکارهێنانی پرسی تائیفەگەریی، دەستیان بەسەر بەشێکی زۆر لە یاخیبوونە چەکدارییەکانی سوننە لە عێراقدا گرت و بە تەواوی کردیان بە شتێکی تر. بۆیە بە ئامانجگرتنی پیاوانی ئایینی شیعە و حسێنیە و مەزرگەکانی شیعە و بازاڕە قەرەباڵغەکان لە گەڕەکە شیعە نشینەکان ئەو بەڵێنانە بوون کە قاعیدە نوێیەکەی عێراق (AQI) دای تا عێراقی خستە ناو شەڕێکی چەپەڵی مەزهەبییەوە. لەبەرامبەردا میلیشیا شیعەکان کە هەندێک لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکران بە جۆرێک وەڵامی ئەو کوشتارانەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەیان دایەوە، کە نەک تەنها هێرشیان دەکردە سەر ئەو کەسانەی کە گومانی ئەوەیان لێدەکرد لەگەڵ ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بێت، بەڵکو تەنانەت بەشێوەیەکی بەرفراوانیش هێرشیان دەکردە سەر هاوڵاتیانی سوننە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگە ئەو شەڕە تەنانەت بە بێ بوونی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەی عێراق هەر ڕووی بدایە، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕژێمی سەدام حسێن کە لەلایەن ئەمەریکاوە ڕووخێنرا بەشێک بوو لە کۆمەڵگەی سوننی، کە شیعەی عێراق وەک ڕژێمی چەوسێنەر و سەرکوتکار لێی دەڕوانی، ئەمەش ئەو حیکایەتەیە کە دەستەبژێری نوێی حوکمڕانی شیعە لە عێراق کەمترین هەوڵیانداوە بۆ کاڵکردنەوەی و ڕەتکردنەوەی. بەڵام هاوکات ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەی عێراق بە دڵنیاییەوە هەمان دیسکۆرسی پەرەپێدا لەناو پێکهاتەی سوننە بۆ دژایەتیکردنی شیعە کە بووە هۆی بەنزین کردن بە ئاگرەکەدا.

لەگەڵ هەڵگیرسانی شەڕی تائیفیدا، کۆمەڵگای عێراق لە کۆمەڵگەیەکی هەمەجۆرەوە گۆڕا بۆ بە کۆمەڵگەیەکی قووڵی دابەشبوو، ئەویش گۆڕانێک بوو کە پێش هەموو شتێک عێراقییەکان لە ڕێگەیەوە خۆیان پێناسە دەکرد (کە ئەویش شووناسی تائیفی و مەزهەبی خۆیان بوو). جگە لە سەردانەکانم بۆ عێراق، لە ژمارەیەک ۆرک شۆپ لەگەڵ عێراقییەکان لە عەممان و دواتر شوێنی خۆمان ئامادە بووم. پێش ساڵی ٢٠٠٥ ئەم عیراقیانە کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە سیاسەتمەداران و کەسانی تەکنۆکرات و کەسایەتییەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پێکهاتبوون بەردەوام خۆیان وەک عێراقی دەناساند، بەڵام دواتر لەناکاو دەستیانکرد بە ناساندی خۆیان و ئەوانی تریش وەک سوننە و شیعە (لێرەوە شووناسی عێراقی بوون لەلای سیاسی و کەسانی تەکنۆکرات و چالاکوانانی مەدەنی گۆڕدرا بە شووناسی تائیفی و مەزهەبی).

لە ساڵی ٢٠٠٦دا هێزەکانی ئەمەریکا لە ئۆپەراسیۆنێکی

کۆماندۆدا ئەبو موسعەب زەرقاوی سەرۆکی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەی عێراقی کوشت، کە وایکردە ڕێکخراوەکە نەتوانێت هەمان هێز و توانای پێشووی بەدەست بهێنێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوەکە لەناو نەچوو، بەڵام وەک گرووپێکی چەکداری تیرۆریستی یاخیبووی جیهانی مایەوە کە خۆیان لە ناوچە دەشتایی و چۆڵەکان دەشاردەوە، تەنها بۆ لاوازکردنی وورەی هێزە ئەمنییەکانی حکومەت لە ڕێگەی هێرشی چەکداری شەوانە بۆ سەر بازگەکان، بۆسەدانان هێزە ئەمنییە ئێشکگرەکان کە هاتووچۆیان دەکرد دەردەکەوتن، هەندێکجاریش هێرشیان دەکردە سەر ناوچە شارنشینەکان. بەڵام زیانەکانی ئەو هێرشە تیرۆریستیانە هەمیشە بەر کۆمەڵگای عێراقی دەکەوت: لەگەڵ ئەوەشدا کوشتارە مەزهەبییەکان لە عێراق تەنانەت بەبێ هێرشە تیرۆریستییە خوێناوییەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی عێراق بەردەوام بوو، لە ئێستاشدا ئەو مەیلە کوشتارییە مەزهەبییە لەلای میلیشیا شیعەکان زاڵە.

شەڕ و پێکدادانەکان بە درێژایی ناوچە تێکەڵنشینەکان لە پێکهاتەی سوونە و شیعە بۆ ماوەی نزیکەی سێ ساڵ بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە ڕێگەی ڕێبازێکی سەربازی نوێ بەهێز و خێراوە بەناوی «پەرینەوەی» توانی سەرکەوتوو بێت لە گەڕانەوەی نۆرماڵینی و سەپاندنی حوکمی دەوڵەت و کۆکردنەوەی گرووپ و عەشایەرە سوونەکان (بەمەبەستی ڕێگرتن و کۆتاییهێنان بە شەپۆلی بەهێزی پێکدادانە تائیفی و مەزهەبییەکان و قۆستنەوەی بارودۆخەکە لەلایەن گرووپە تیرۆریستییەکانەوە). ئەم گرووپ و عەشایرە سوننانەی هاندان بۆ شەڕکردن دژی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە لە عێراق و ئەو گرووپ و ناوچە سوننانەی کە نایەنە ژێر ئیرادەی ئەوانەوە.

دواتر لە ساڵی ٢٠١٢ پاشماوەکانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی عێراق هەڵاتن بۆ سوریا بۆ بەشداریکردن لە شەڕی ناوخۆی ئەو وڵاتە و بنیادنانەوەی خۆیان وەک وەشانێکی تری نوێی قاعیدە. دوای گەیشتنیان بە سوریا هەرزوو لە ڕێکخراوەی دایکیان (ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی جیهانی) جیابوونەوە و ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)یان دامەزراند و بەشێکی بەرچاوی باکووری سووریایان داگیرکرد، کە بەشێوەیەکی وەحشیگەری و دڕندانە حوکمی ئەو ناوچانەیان دەکرد پێش ئەوەی بە سەرکەوتوویی بگەڕێنەوە بۆ عێراق لە ئایاری ٢٠١٤. پاشان دامەزراندنی خیلافەتێکی نوێیان لەو ناوچانەی دەستیان بەسەرداگرت ڕاگەیاند کە بە «ڕزگارکردن» لە دەست بەغدا ناویان دەبرد.

بە کورتی، داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمەریکا، دڕندەیەک (ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی) ی دروستکرد. ئەو دڕندەیەش لەلایەن زۆرێکەوە (گرووپ و عەشایرە سوننەکانەوە) پێشوازی لێکرا بۆ ڕوخاندنی دیکتاتۆرێکی ترسناک (حوکمی شیعە لە عێراق). پاشان هێزەکانی ئەمەریکا و دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان (CPA) بەخێرایی شەعبیەت و پشتیوانی خەڵکیان لەدەستدا بەهۆی بێنوایی و بێئیرادەییان بۆ سەپاندنی ئاسایش، هەڵوەشاندنەوەی سوپای پێشووی عێراق، قەدەغەکردنی حزبی بەعس، هێنانە پێشەوە و پێدانی دەسەڵات بەو کەسایەتی و سیاسییە عێراقیانەی کە لەسەردەمی حزبی بەعس دەرکرابوون لە وڵات، مومارەسەکردنی حوکم و دەسەڵات لەدەست گرووپێکی دیاریکراو و دارودەستەکەیان (کە دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان ئەم مۆدێلە حوکمڕانییەی زیاتر قووڵکردەوە)، هەروەها بێ ئەرزشکردنی ڕۆڵی دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە عێراق، کە تەنانەت دوای حوکمی توندوتیژ ئامێزی ڕژێمی سەدام حسێن هێشتا دەیانتوانی ئەرکی خۆیان ڕاپەڕێنن.

تەنانەت دوای هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانان و ڕادەستکردنی دەسەڵات بە حکومەتێکی کاتی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٤دا، هێشتا بوونی ئەمەریکا لە عێراق پەسەند نەبوو و بەشێوەیەکی چالاک دژایەتی دەکرا لە لایەن ئەو کەس و گرووپانەی کە هەستیان دەکرد نادادیان بەرامبەرکراوە، چونکە پێشتر هاوکاری ڕژێمی سەدام بوون لەگەڵ

ئەوەشدا هێشتا خۆیان بە بێ تاوان دەناساند. بۆیە بەنیسبەت ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەی عێراق ئەو بارودۆخەی عێراق کەشێکی تەواو لەباربوو کە تێیدا گەشە بکات، سەرمایەگوزاری لەسەر کینە و غەم و پەژارەی گرووپێک دژ بە گرووپێکی تر بکات. بە تێپەڕبوونی کات، چەکدارە تیرۆریستییەکانی عێراق دەستیانگرت بەسەر ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی عێراقدا. کە سەرکردایەتی گرووپەکە کۆمەڵێک تیرۆریستی عێراقی خاوەنی ئایدیۆلۆژیای هەڵوەشاوە بوون، کە بەشێوەیەکی بەشەکی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای دینی دامەزرابوو ( کە هەندێک پێیانوابوو دیدوبۆچوونەکانیان لەسەر بنەمای لێکدانەوەی بەرتەسکی ئیسلامی سوننی و شۆڤێنیزمی عەرەبی بنیادنرابوو).

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێکردنە زۆرێک لە ئەندام و کادرە باڵاکانی گرووپی تیرۆریستی داعش لە دەزگا هەواڵگری و ئەمنییەکانی ڕژێمی لەکار لادراوی سەدام حسێنەوە هاتوون. لەئێستاشدا دوای شکستی داعش و نەمانی ناوچەی جوگرافی لەژێر دەسەڵاتی لە هەریەک لە عێراق و سوریا، چەکدار و پاشماوەکانی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکە گەڕاونەتەوە بۆ یاریکردنە درێژخایەنەکەی خۆیان، کە یاخیبوونی چەکداری و ئەمەڕوودی کلاسیکی خۆیانە، لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت جموجۆڵی چەکداری دەکەن و گێچەڵی بەردەوام بە هێزە ئەمنییەکانی حکومەت دەکەن لە ڕێگەی هێرشی چەکداری ناڕێکخراو بە ئامانجی دووبارە بنیاتنانەوەی ئەوەی پێی دەڵێن خیلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی.

چارەنووسی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەی عێراق و ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) کەمتر جێگەی گرنگی پێدانە بەراود بەو پەیامەی لەکاتی دەرکەوتنیان بە گوێی جیهانیاندا دا. چونکە ئایدیۆلۆجیا ژەهراوییەکەیان و چەکدارە توندوتیژ و پەڕگیرەکانیان هێشتا لە ناوچەکە بوونیان هەیە، بەڵام تەنها پێویستیان بە کەشێکی لەبارە بۆ دووبارە سەرهەڵدانەوە. داگیرکردنی عێراق و بوون بە وڵاتێکی لەبەریەک هەڵوەشاو ئەو دەرفەتەی بۆ ڕێکخراوی ئەلقاعیدە ڕەخساند. سەرەڕای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەیڕەوی سیاسەتێکی ژیرانەی کرد لەڕێی جەختکردنەسەر بنیادنانی کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخ وەک لە خۆ خەریککردن بە ڕزگابوون لە دووژمنێکی ناقایل، بەڵام هێشتا ڕەنگە بۆ گەیشتن بە ئامانجی کۆتایی لە ململانێدایە. بەڵام سەرەڕای هەموو ناڕەزاییەکانی، هێشتا هێنانی دیموکراسی بۆ عێراق هەرگیز تەوەری جەوهەری گرنگی پێدانی ئەمەریکا نەبووە، هەربۆیەش ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەی عێراق لەو گێژاو و فەوزایەدا سەریهەڵدا کە داگیرکردنی عێراق بەرهەمیهێنا.

پرۆژەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراق قەناعەت پێکەرنەبوو، تەنانەت زۆر بە خراپیش خرایەبواری جێبەجێکردنەوە. بەجۆرێک ڕێگەی دا بەگرتنەبەری هەندێک ڕێوشوێنی دیموکراسی، بەڵام ئەمانە بوونە قوربانی ئەو گەندەڵییە بەربڵاوەی کە سەرتاپای وڵاتی تەنی. بۆیە لەو کاتەدا وتم و ئێستاش بڕوای بەهێزم بەوەیە کە دیموکراسی هەرگیز نەیدەتوانی سەرکەوتوو بێت، تەنانەت بەبوونی سەرچاوە زۆر و پسپۆڕی باشتر و ئیرادی گەورەتریش. ئەوەندەی حکومەتی وڵاتانی ناوچەکە بەهۆی هاوار و داواکاری چاکسازییەوە لەکار لابراوان، ئەوەندە دەسەڵاتە خۆسەپێنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەستی دەرەکی لە دەسەڵات دوورنەخراونەتەوە، بەتایبەت لە ڕێگەی پیلانی نیمچە ئاشکرا کە پشت بە خوێندنەوەی  مێژووی دیاریکراو، بە سیاسیکردنی جیاوازییە ئەتنیی و ئایینییەکان و هاندانی گرووپێک بەسەر گرووپێکی تردا نەبێستێت. هەموو ئەمەش ئەو بارودۆخە لەبارەبوو کە تیایدا زەرەقاوی و چەنەکانی تیایدا سەریانهەڵدا.

سەرەڕای ئەوەی زۆربەی عێراقییەکان لە ناخەوە ئاسوودەن بە ڕووخانی ڕژێمی سەدام حسێن و تەنانەت زۆربەشیان هێشتا نایانەوێت شتێکی وەک ئەو بگەڕێنەوە، بەڵام لەڕوانگەی ستراتیژی باڵای

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، جەنگی عێراق کارێکی بێ پاساوی بوو کە بەزیانی خۆیان شکایەوە. داگیرکردنی عێراق وەڵامێکی هەڵە بوو بۆ هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، لەبەرئەوەی هیچ یەکێک لە ڕێکخەران و ئەنجامدەران هێرشە تیرۆریستییەکە هیچ پەیوەندییەکیان بە عێراقەوە نەبوو. بەڵکو تەنها حاڵەتێکی لەخۆباییبوون بوو، کە نموونەی بە گرووپێکی جیهادیی بەخشی بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر سیمبولی هێزی ئەمریکا و هەلی دروستکردنی چەندین تیرۆریستی وەک زەرقاوی و ئەبوبەکر بەغدادی سەرکردەی داعش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە دەرەوەی ناوچەکە ڕەخساند. زیاتر لەوەش ئەو جەنگە بووە هۆی بە بەرداکردنەوەی ژیانێکی نوێ بە جیهادیزمی جیهانی بەتایبەتی دوای ئەوەی پێگە و پەناگەی خۆیان لە ئەفغانستان لە دەستدا و لە ڕاکردن و پەرت و بڵاوبووندا بوون. دوای هێرشە تیرۆریستییەکانی ١١ / ٩، شەڕی عێراق بوو بە یەکەم جەنگ کە بە خێرایی گرووپ و چەکدارە جیهادییەکان ڕووی تێبکەن، بەجۆرێک بەشێک لە گەنجان بەدوای هەلی قارەمانێتی و شەهادەت و کۆمەڵگا و ئامانجدا دەگەڕان. جەنگی عێراق ئەوەشی خستەڕوو کە لە کاتێکدا تووڕەیی و ناڕەزایی ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لە هاندانی خەڵک بۆ پەیوەندی کردن بە گرووپە تیرۆریستییەکانەوە - بەتایبەت تووڕەیی و ناڕزایی دژی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناڕەزایی دژی حزبە ئیسلامییە شیعەکان کە کۆنترۆڵی کاروباری وڵاتیان گرتە دەست، ناڕەزایی لە پەراوێزخستنیی پێکهاتەی سوننە، هەروەها ناڕەزایی و تورەیی دژی پشتیوانانی حزبە شیعەکان - ئێران - ڕۆڵی سەرەکی هەبوو، هەموو ئەم ناڕەزایی و دژایەتییە فۆرمێکی ئایدۆلۆجی وەرگرت بە ئامانجی هێرشکردنە سەر کۆمەڵێک ئامانجی هەڵبژێردراو لەپێناو خۆشکردنی زیاتری جەنگ و پێکدادانەکان تا ئەوەی زیاتر بڵاوببێتەوە و فۆرمێکی تائیفی بێزراو وەربگرێت.

ئەوەی جێگەی دژیەکی و نائەبایی بوو ئەوە بوو کە ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەی عێراق و ڕێکخراوی تیرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی لە کۆتاییدا ئەوەندە بەهێزبوون کە وای لە هەریەک لە ئێران و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد کە لەیەک نزیکبنەوە و تەنانەت هەندێکجار بەشێوەی تاکتیکی هەماهەنگی بکەن لە هەوڵە جیاوازەکانیان دژی گرووپە جیهادی و تیرۆریستییەکان.

لەلایەن خۆیەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دوای شۆڕشی ١٩٧٩ و قەیرانی بارمتەگرتنی دیبلۆماتکارەکانی لەگەڵ ئێران لە ناکۆکیدایە، بەڵام هێشتا دەیتوانی سوود لە میلیشیاکانی سەر بە ئێران ببینێت بۆ پاراستنی ئەو سیستەمە سیاسییە نوێیەی کە لە عێراقدا دروستی کردبوو، بە تایبەتی لە شەڕی دژ بە گرووپە چەکدارە یاخیبووەکان و تیرۆریستە جیهادییە سوننەکان. هاوکات پێی باشبوو کە ئەو گرووپانە بە تەواوی تێکەڵ بکرێن لەگەڵ دامەزراوە سەربازییەکانی تری وڵات و لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە کۆنترۆڵ بکرێن، کە ئەمریکا پشتگیری دەکات.

هەروەها کەیسی جەنگی عێراق دەریدەخات کە دەکرێت گرووپە جیهادییەکان لە ڕێگەی زیادەڕێزییەوە خراپترین دوژمنی خۆیان بن. میتۆدی وەحشیگەری و هەڵسوکەوتی ئەو گرووپانە نەک تەنها بووە هۆی بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن، بەڵکو بووەهۆی ڕەوینەوەی پشتیوان و لایەنگرانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیانەش لە ناو کۆمەڵگا. بۆ نموونە کاتێک داعش و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان هەستان بە سەپاندنی قورسترین سزا بۆ ئەو کەسانەی جگەرە دەکێشن، یان ناچارکردنی خێزانەکان بۆ وازهێنان لە کچەکانیان بۆ ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ چەکدارە تیرۆریستییەکان بکەن، وایکرد خەڵک بەزوویی لێیان بڕەوێنەوە و پشتیوانیان نەکەن.

هەر بەهۆی ئەو جۆرە مومارەسە دڕندانەوە بوو کە سوپای ئەمریکا توانی گرووپە عەشایەرەکان کۆبکەنەوە لەژێر ناوی ئەنجومەنەکانی سەحوە،

یان کورانی عێراق بۆ بەرپەرچدانەوەی گرووپە تیرۆریستییەکان. ڕەنگە ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەی عێراقی بیتوانیایە پشتیوانی خەڵکی سوننەی بەدەست بهێنایە ئەگەر مامەڵەیەکی تەندروستی لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە بکردایە و فۆرمێکی ماماوەندی ئیسلامی سوننی بخستایەڕوو، یان نوێنەرایەتی غەدر و ناسۆرییەکانی هاوڵاتیانی سوننەی بکردایە لە عێراق. لە جیاتی ئەوە، ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەی عێراق خزمەتکاری پرۆژەی کاولکردنی ناوچەکانی عێراق بوو. ئەم ئەزموونە خراپەی ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدەی عێراق دواتر بووە وانەیەکی باش بۆ هەندێک لە گرووپەکانی تری سەر بە قاعیدە، وەک بەرەی ئەلنوسرە لە سوریا، بۆ نەرمکردنی ڕێبازی حوکمڕانی و پۆلیشکردنی شەرعییەتی خۆیان و فراوانکردنی مەودای دەسەڵاتیان.

تیرۆریست ئەبو موسعەب زەرقاوی پازدە ساڵ لەمەوپێش کووژرا، بەڵام میراتە توندوتیژەکەی هێشتا بەردەوامە. بەجۆرێک ئەو میراتە توندوتیژ ئامێزە لە وڵاتە لێکهەڵوەشاو و دابەشبووەکان و مەیدانەکانی جەنگ لە سەرانسەری جیهانی موسڵمان و لە شارەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ڕووسیادا بەدیدەکرێت. ڕاستە تیرۆریست ئەبو مەسعەب زەرقاوی تەقینەوەی خۆکوژیی دانەهێنا، بەڵام هەر ئەو تەقینەوەی خۆکوژی کرد بە چەکێکی جیهادی بەدرێژایی سنورەکان. هەر ئەو بوو نەخشەدارێژەی بە ئامانج گرتنی خەڵکی سیڤیل، کە مومارەسەیەکی جەنگە کۆنەکانە و تەنانەت جێگەی مشتومڕە لەناو وەسەتی جیهادی و گرووپە تیرۆریستییەکان. زیاتر لەوەش زەرقاوی پێشەنگی ئەو هێرشە تیرۆریستییە دوو قۆڵی، یان هێرشی دوو لێدان « double-tap attacks» ناسراوە (کە مەبەست لێی ئاماژە کردنە بە هێرشێک کە ناوچەیەکی تێدا بۆردومان دەکرێت، پاشان یان تەقینەوەی زیاتر لە هەمان ناوچەدا ئەنجامدەدرێت کاتێک تیمەکانی ڕزگارکردن دەگەنە شوێنەکە، یان نزیکترین نەخۆشخانە لەکاتی گواستنەوەی بریندارەکان بۆ چارەسەرکردن بۆردومان دەکرێت). بەواتایەکی تر تیرۆریستان دووەم بۆمب دەچێنن کاتێک بۆمبی یەکەم ئامانجەکەی پێکا بەمەش خەڵکی بێ هێوا دەبن لە دۆزینەوەی خۆشەویستانیان.

ئەو بیرۆکەیەی کە دەڵێت هیچ کەسێک سەلامەت نییە ئەوەیە کە تاکە یاسا ئەوەیە کە هیچ ڕێسایەک بوونی نییە زۆر ترسێنەرە، لەوانەشە بۆ ئەو کەسانەی لەبواری هاوکارییە مرۆییەکان کاردەکەن بەبێ هیچ ئەجێندایەکی سیاسی و دەیانەوێت هاوکاری بە قوربانییەکانی جەنگ بگەیەنن. یەکێک لەو کەسانە گیل لۆسچەر بوو کە ساڵی ٢٠٢٠ لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد، کە پسپۆڕێکی بواری ئاوارەکان بوو، گەشتی بۆ زۆرێک لە ناوچەکانی جیهان کرد بە مەبەستی ئامۆژگاری کردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو بوارەدا. لۆسچەر بە شێوەیەکی فراوان لەسەر ئەو هەڕەشانەی نووسیبووی کە ڕووبەڕووی پیشەکەی بووە و هۆشداریشیدا: «لە شەڕی جیهانی دژی بە تیرۆردا هێڵی نێوان چالاکی مرۆییەکان و چالاکی سەربازییەکان کاڵبووەتەوە».

لۆسچەر دەیزانی لە کوێوە قسەی کردووە. لە هەشت کەس لە ئۆفیسی ڤیێرا دی میلۆ لە هۆتێلی قەناڵ کاتێک بارهەڵگرە بۆمبڕێژکراوە خۆی پێدا تەقاندەوە، هەرچەندە هەردوو قاچی لە دەستدا لە هەوڵی دەرکردنی پارچەکانی تەقینەوەکە لە برینەکانی ئەو تاکە کەس بوو کە ڕزگاری بوو. سەرەڕای برینداریيەکەی هێشتا بەردەوام بوو لە کارەکانی بۆ داڕشتنی سیاسەتی نێودەوڵەتی لەسەر کێشەی پەنابەران و کۆچبەران لەوانەشە لە ڕێگەی نووسینەکانییەوە، بۆ ئەوەی لەڕێگەیەوە ڕێنمای بە دەزگا مرۆییەکان بدات سەبارەت بەو ئاڵنگارییانەی کە لە جیهاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە و بەشداربن لە دروستکردنی میراتێک کە بتوانێت زیاتر درێژە بکێشێت لە میراتەکەی گەورە تیرۆریست ئەبو موسعەب زەرقاوی.

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS